# ئەکادیمیای سوێد دەدرێتە دادگا

فـەهـد گــردەوانی

تورکیا جارێکی تر {قەشمەری}گاڵتە بە خۆی دەکات و دەیەوێ مێژووی رەشی خۆی بە زۆری و زۆرداری لەبیر خەڵک بباتەوە.ئەوەتا پارێزەر[محامی]یەکی {خوێندەوار} و مێشک شۆڤینی بۆ ئەوەی بازاری کار بۆ خۆی پەیدا بکات هەوڵ دەدا و داوای کردووە ئەکادیمیای سوێد بداتە دادگا و تاوانباری بکات بەوەی بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی داوە بە نووسەری بەناوبانگ ئۆرهان پامۆک . ئەو پارێزەرە هەست بە شەرمەزاری دەکات کاتێک پامۆک باسی قەتلوعامی ئەرمەنی یەکان و کوردی کردووە بەدەستی جەندرمەکانی رژێمی تورکیا. ئەدڤۆکات کەمال کیرینجسیز هەست دەکات {نینۆکی تیژیان لە چاوی چەقاندووە} و ئەرمەنیەکان لەپشت ئەو بڕیارە بوون کە ئەکادیمیا پەیڕەوی کردووە. تورکیا ئەگەر داوای دادگایی بکات ، ئەی گەلۆ ئەو هەموو کەللە سەرەی رۆژانە بوونە خۆراکی رژێمە یەک لەدوا یەکەکەی شۆڤینی تورکیا.کێ تورکیا دادگایی بکات. تورکیا پێ لە جەرگی خۆی دەنێ و مافی ئەو چەند میلیونە کوردە دەخوا و هەر بە مرۆڤیش نایانژمێری ،کەچی دڵی بۆ قسەکانی ئۆرهان پامۆک توند دەبێت و دەماری دەگیرێ . هیوادارم ئەو پارێزەرە{ئەدڤۆکاتە}



Horace Engdahl Orhan Pamuk Kemal Kerincsiz

سەفەرێکی کوردستان بکات و لەگەڵ خەڵکە کە باسی ئەو بارە سیاسیەی ئێستاکە بکات کە تورکیا پێدا تێدەپەڕی و سەردانی ئەو گوند و شارانەش بکات کە بوونە خاک و شوێنی ژیانی تێدا نەماوە . ئەو پارێزەرە چۆن دەتوانێ گوێڕایەڵی داواکاری یەکانی وڵاتانی ئەوڕوپا بێت ، رۆژانە باسی مافی مرۆڤ لە تورکیای جوان ونازدار دەکەن . بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە بازاری ئەوڕوپای یەکگرتوو دەبێ ئەو لەچکە رەشە لە رووی خۆی لابدات و ریز لە مافی مرۆڤ و نووسین بگرێت .ئەکادیمیای سوێد بۆی نی یە تێکەڵاوی سیاسەت بێت. ئەکادیمیای سوێد پشتگیری سەلمان روشدی نەکرد بەرامبەر فەتوای کوشتنی خومەینی و گوتیان ئێمە خۆمان لە باسی سیاسەت وەرنادەیەن . کەچی ئەدڤۆکاتی{شارەزا}کەمال ئەو بڕیارە بە سیاسەت دەبەستێتەوە. ئەو باسانە بۆ نووسین و بابەتەکانی ئۆرهان پامۆک دەبێتە رێکلامێکی خۆڕایی و کتابەکانی رەواجی فرۆشتنیان زیاتر دەبێت . هەروەک فەتواکەی خومەینی بازاری کتابەکانی سەلمان روشدی گەرمتر کرد. ئەو پارێزەرەش لەژێر ناوی ئۆرهان پامۆک بووە ئەدڤۆکاتێکی بەناوبانگ و خەڵک و ماسمێدیا باسی دەکەن ئەگەرنا کەس ناوبانگی نەبیستبوو. گەلۆ ئەکادیمیای سوێدی چەند ساڵ بەهۆی ئەو تاوانە دەکەوێتە زیندانەکانی تورکیا...!!!؟؟؟

ستۆکهۆڵم2003/10/23